سەرۆک کۆمار: عێڕاق ژینگەیەکی لەبار و گرنگە بۆ وەبەرهێنان

سەرۆک کومار عەبدولڵەتیف جەمال ڕەشید ئەمڕۆ سێشەممە ،جەختیکردەوە کە عێڕاق ژینگەیەکی لەبار و گرنگی وەبەرهێنانە و هەنگاوەکانی حکومەتیش پشتیوانی لە کەرتی تایبەتی وەبەرهێنان دەکەن.

لەبەیاننامەیەکی سەرۆکایەتی کۆماردا هاتووە :- کە سەرۆک کۆمار ئەمڕۆ لەکۆشکی سەلام لەبەغداد پێشوازیکرد لە سەرۆک و نوێنەرانی نێردە دیبلۆماسی وعەرەبی وئیسلامیەکان لەلای عێڕاق.

لەبەرایی دیدارەکەدا سەرۆک کۆمار بەبۆنەی هاتنی مانگی ڕەمەزانەوە پیرۆزبایی لێکردن.

هەروەها سەرۆک کۆمار کۆششی سەرجەم نێردە دیبلۆماسیەکانی بەرزنرخاند بۆ پتەوکردنی پەیوەندیەکانیان لەگەڵ عێڕاقدا لەپێناو دابینکردنی بەرژەوەندیەکانی هەردوولا و هەماهەنگی لەپێناو بەدیهێنانی خواست وهیواکان، جەختیشی کردەوەلەوەی کە عێڕاق ئێستا ڕۆڵی تەوەرئامێزی خۆی لەناوچەکەدا گێڕاوەتەوە و ئەویش بەهۆکاری نزیککردنەوەی بۆچوونەکانی لەنێوان وڵاتانی دەست ، جگەلەوکۆششانەش کەعێڕاق خستویەتیە گەڕ بۆپتەوکردنی باری سەقامگیری و پشتیوانیکردنی پڕۆژەی ئابووری وبازرگانی بە بەرژەوەندی هاوبەش.

هەروەها سەرۆک کۆمار پێداگریکرد لە ڕاگرتنی شەڕی غەززە وڕزگارکردنی گەلی فەلەستینی، چونکە گەر گەلی فەلەستین مافەکانی خۆی بەدەستنەهێنێت ئەوا ناوچەکە ئارامی بەخۆوە نابینێت.

ل□لای□ن خ□شیان□و□ با□ی□زو ن□رد□ دیبل□ماسی□کان پشتیوانی خ□یان ب□ ک□شش□کانی ع□□اق دووپاتکرد□و□ ل□بواری س□قامگیری وئاسایشی ن□وخ□یی و ج□ختیشیان کرد□و□س□ر ئ□و□ی ک□ و□ات□کانیان هیواخوازن پ□یو□ندی□کانیان ل□گ□□ ع□□اق پت□وتربک□ن ل□س□رج□م بوار□کاندا.